# ڕۆژوو شکاندنی فەرز و سونەت لەبەر خوێندن وطەلەبی عیلم

< کوردي >

شێخ عبد الكريم عبد الله الخضير

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# الفطر من أجل طلب العلم في الفرض والنفل

< كردي >

## عبد الكريم عبد الله الخضير

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ڕۆژوو شكاندنی فەرز و سونەت لەبەر خوێندن وطەلەبی عیلم

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ عبد الكريم كوڕی عبد الله الخضير كراوە :

**پرسیار :** ئەگەر هاتوو خوێندكارێك بەڕۆژوو بوو، لەكاتی خوێندن و سەعی كردن وهەوڵ وتێكۆشانیدا تەمەڵی و لاوازی وماندووی ڕووی تێكرد، وە نەیتوانی چوست وچالاك بێت بۆ خوێندن و(طەلەبی عیلم )وناچار بوو ڕۆژووەكەی شكاند، ئایا جگە گرتنەوەی ئەو ڕۆژانەی شكاندوونی هیچی تری لەسەرە ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەو ڕۆژووەی ئەو خوێندكارەی شكاندویێتی یان ئەوەتانێ ڕۆژووی سونەت بووە، یان ڕۆژووی فەرز بووە، ئەگەر هاتوو ڕۆژووی فەرز بوو، لە هیچ حاڵەتێكدا بۆی نیە ڕۆژووەكەی بشكێنێت، لەو حاڵەتەدا نەبێت كە نەتوانێت ڕۆژووەكەی تەواو بكات، وترسی ئەوەشی هەبێت ئەگەر ڕۆژووەكەی تەواو بكات لەناو بچێت، لەم حاڵەتەدا ولەبەر ئەو هۆكارە دروستە ڕۆژووەكەی بشكێنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕۆژووی سونەت بوو، ئەو كاتە بەراووردێك دەكرێت لەنێوان ئەو دوو عیبادەتەدا ( مەبەست پێی عیبادەتی ڕۆژوو گرتنەكە و عیبادەتی خوێندن و طەلەبی عیلیمەكە ) بێگومان عبادەتی خوێندن و طەلەبی عیلم لە تەواوی عیبادەتە سونەتەكان باشتر و خێرترە، لەبەر ئەوەی سوود و قازانجی خوێندن وطەلەبی عیلم دەگەڕێتەوە بۆ چەند لایەك و بۆ كۆمەڵگە بە گشتی دەبێت، بە پێچەوانەی ڕۆژوو و نوێژی سونەت یان غەیری ڕۆژوو و نوێژیش، كە سوود وقازانجەكەی كورتهەڵهێنراوە تەنها بۆ ئەو كەسەی كە بەو كار و عیبادەتە هەڵدەسێت،،، لەم حاڵەتەدا ئەوە دەمێنێتەوە ئایا ئەگەر خوێندكار ڕۆژوویەكی سونەتی شكاند، دەبێت ڕۆژووەكەی قەزا بكاتەوە وبیگرێتەوە ؟ چونكە كەسی پرسیاركەر دەڵێت : ئایا غەیری قەزا كردنەوەی ئەو ڕۆژانەی شكاندونی هیچ شتێكی تری لەسەر واجب دەبێت ؟ لەوەڵامدا دەڵێین : سەبارەت بە ڕۆژووە فەرزەكان دەبێت هەر بیانگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەك ووتمان دروست نییە لەبەر تەمەڵی و لاواز بوونی ڕۆژووەكەی بشكێنێت، چونكە فەرز دروست نییە هیچ شتێكی تر خەلەلی تێ بخات لە حاڵێكدا نەبێت نەیتوانی ڕۆژووەكەی تەواو بكات، خۆ ئەگەر ڕۆژووی

سوننەتیش بوو، ئەوە زانایان ڕاکانیان جیاوازە، لەسەر ئەو کەسەی کە بەدەست ئەنقەصد ڕۆژووە سوننەتەکەی دەشکێنێت، هەندێك لەو زانایانە پێیان وایە دەبێت ڕۆژووی سوننەتیش ئەگەر شکێنرا دەبێت بگیرڕێتەوە، وە هەندێکی تریان وای دەبینن ئەو کەسەی کە ڕۆژووی سوننەتی گرتووە، تەطوع و خۆبەخشی کردووە، ئەو کەسەش تەطوع و خۆبەش بێت خاوەنی نەفسی خۆیەتی، ئەگەر وویستی دەیگرێتەوە و ئەگەر نەیشی وویست ئەوا دەتوانێت نەیگرێتەوە ...

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : گۆڤاری ( الدعوة ) ژمارە ( 2467 ) ساڵی 1436 کۆچی